# پرۆسەی ئەنفال‌و کەمتەرخەمی میدیا لە ناساندنیدا

د. کاوە عبدالرضا محمد
راگری پەیمانگای تەکنیکی دوکان
زانکۆی پۆلۆتەکنیکی سلێمانی

## بەشی یەکەم:
## چوارچێوەی میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### پێشەکی:

لێکۆڵینەوەکە بە ناونیشانی (پرۆسەی ئەنفال و کەمتەرخەمی میدیا لە ناساندنیدا) راڤەکردن‌و خستنەڕووی کەمتەرخەمی رۆڵی میدیایە لە پرۆسەی ئەنفالکردن لە کوردستاندا، بەجۆرێك ئەو هەموو رۆڵەی میدیا لە کۆن‌و نوێدا گێڕاوێتی بۆ بزاوتە جیاجیاکانی ژیان، کەچی لە پرۆسەی ئەنفالدا نەیتوانی بە رۆڵە سەربەخۆو بیلایەنیەکەی خۆی هەستێت، وەك پێویست کار لەسەر جینۆسایدی ئەنفال بکات‌و بە جیهانی بناسێنێت، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر بەراوردبکرێت بە جینۆسایدی ئیزیدییەکان کە لە ماوەیەکی کەمدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی جیهانی دروستکردو لەژێر کاریگەری روماڵی میدیای جیهانیدا نەتەوە یەکگرتوەکان بە جینۆسایدی ناساند. بۆ ئەم مەبەستەش لێکۆڵینەوەکە لە میانەی دوو بەشدا پرۆسەی ئەنفال لە رووی فەرهەنگی‌و مێژوویی‌و فاکتەرەکانی ئەنجامدانی‌و سەلماندنی کەمتەرخەمی میدیای کوردی بە وەرگرتنی داتای پێویست شیکراوەتەوە.

## کێشەی  لێکۆڵینەوەکە

کێشەی لێکۆلینەوەکە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە میدیا سەرەڕای ئەو ڕۆڵە پۆزەتیڤەی لە کۆمەڵگادا دەیگێڕێتو بە دەسەلا تی چوارەم وێنادەکرێت، کەچی لە ئاستی تاوانو جینۆسایدی ئەنفالدا، نەیتوانی بەو ڕۆڵەی خۆی هەستێتو بە شێوەیەکی بابەتیانەو دوور لە بەرژەوەندی زلهێزەکان کار لەسەر ئەم کەیسە بکاتو بە جیهانی بناسێنێت،هاوکات نازانرێت میدیای کوردیش تا چەند گرنگی بە جینۆسایدی ئەنفال داوەو کات و بەرنامەی بۆ تەرخانکردوە،بۆ ئەوەی بە جینۆساید بناسێنرێت ،ئەم کێشەیە لە سنوری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بە خستنەڕووی هۆکارەکانو پێشنیارکردن بۆ چۆنێتی بەجینۆسایدکردنی پرۆسەی ئەنفال، هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دراوە.

## گرنگیی لێکۆڵینەوەکە

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە خۆی لەم خالآنەدا دەبینێتەوە:

١. لە ڕێگەی ئەم لێکۆڵینەوەیە لایەنەکانی لاوازی میدیای کوردیمان بۆ دەردەکەوێت لەسەر کەمی کاریگەرییان لە خستنەڕوی تاوانی ئەنفالدا،هەر بۆیە دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەبێتە بنەمایەك بۆ سودی کۆمەڵگەو دەزگا میدیاییەکان و ناوەندە زانستیەکان بۆ ئەوەی کاری زیاتر لە سەر ئەنفال بکەن .

٢. شیکارییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە فاکتەرەکانی کەمتەرخەمی میدیای جیهانیمان لە ئاستی جینۆسایدی ئەنفالدا بۆ دەردەخات.

٣.گرنگیەکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیە  دەوڵەمەندکردنی ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەیە لە کەیسی ئەنفالدا،بەو پێیەی دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئەوەی کار لە سەر ئەنجامەکانی بکەن،لە بەر ئەوەی تا هەنوکە لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ لە سەر ئەنفال و میدیا نەکراوە.

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی فاکتەری کەمتەرخەمی میدیای کوردییە لە ناساندنی جینۆسایدی ئەنفالدا، هاوکات دۆزینەوەی  فاکتەرەکانی پشت  کەمتەرخەمیو بیدەنگی میدیای کوردییە لە ئاستی ڕوماڵکردنیداو لەدەستدانی پیشەی میدیاییە لە کاتی بەیەك نەگەیشتنی بەرژەوەندییەکاندا، ئەمە جگەلە خستنەڕوی کۆمەڵێك ڕێکارو پێشنیاز بۆ میدیای کوردی بۆئەوەی بتوانن کاری لەسەر بکەنو جینۆسایدی ئەنفال بە جیهان بناسێنن.

**ميتۆدی لێكۆڵینەوەكە:**

ئەم توێژینەوە وەسفیە، پشت بە ڕێبازی ڕوپێوی بەستوە، بەجۆرێك ئەنجامو ڕاسپاردەكان بەپێی ئەنجامی ڕاپرسییەك تایبەت بە گرفتی لێكۆڵینەوەكە شیكراونەتەوە، كە چەندین پرسیاری فرەچەشنی لەسەر كەمتەرخەمییەكانی میدیای جیهانیو كوردی تێدا خراوەتەڕوو.

**كۆمەڵگەو سامپڵی لێكۆڵینەوەكە:**

كۆمەڵگەی توێژینەوە دانیشتوانی هەرێمی كوردستانە ، سامپڵی لێكۆڵینەوەكە خۆی لە دابەشكردنی سەد فۆرم لە سنوری پارێزگای سلێمانیدا دەبینێتەوە بەسەر تەمەنو پیشەو خاوەن بڕوانامەی جیاوازدا، كە بە شێوەی هەڕەمەكی دابەشكراوە..

**ماوەی لێكۆڵینەوەكە:**

ئەم توێژینەوەیە لە بەرواری ٢٠١٦/٦/١٢ تاكو ٢٠١٦/٧/١٢ لە سنوری پارێزگای سلێمانی ئەنجامدراوە، مەبەست لە ماوەیەش ڕێككەوتە لەگەڵ بە جینۆساید ناساندنی كەیسی ئێزیدیەكان لەلایەن نەتەوە یەكگرتوەكانەوە، لە ماوەی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا باسێكی زۆری جینۆساید دەكرێت، كەیسی ئەنفالیش وەك تاوانێكی تری كوشتنی بە كۆمەڵ لەم ماوەیەدا بووەتەوە باسی گەرمی میدیاو ڕێكخراوەكانی تایبەت بە ئەنفالو كۆمەڵگەی مەدەنی، بۆئەوەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە جینۆساید بناسێنرێت.

**پرسیاری لێكۆڵینەوەكە:**

١. ئایا میدیای كوردی كەمتەرخەم بووە لە ناساندنی تاوانی ئەنفالدا؟

٢. میدیای كوردی چیبكات بۆ ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال؟ هەروەها لایەنە پەیوەندیدرەكانی میدیا پێویستە چی بكەن بۆ بە جینۆسیاد ناساندنی ئەنفال؟

٣. ئایا نەبوونی دەوڵەتی كوردی فاكتەرە بۆ كەمتەرخەمییەكان لەلایەن میدیای جیهانییەوە؟

٤. ئایا نەبوونی میدیایەكی بەهێزی كوردی فاكتەرە بۆ نەبوونی زانیاریو بە گرنگ سەیرنەكردنی لای میدیای جیهانی؟

## بەشی دووەم:

## پرۆسەی ئەنفال و میدیا

**لە دەستپێکی ئەم بەشەدا، چەمکی ئەنفال لە رووی زمانەوانی و مێژووییەوە شیدەکەینەوەو، تیشك دەخەینە سەر قۆناغەکانی ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال و قاکتەرەکانی پشت ئەم ئەنجامدانە، دواتر میدیاو پرۆسەی ئەنفال دەبێتە پنتی سەرەکی بەشەکەمان.**

### ١. ئەنفال: چەمك و تێروانین:

**ئەنفال ناوی سورەتی هەشتەمە لە قورئانی پیرۆزدا، کە لە جەنگی بەدردا دابەزیوەو لە ٧٥ ئایەت پێکهاتووە[١]، واتای ئەنفال و چیرۆکی کۆبەندی ئایەتەکانی ئەم سورەتە، بۆ روودانی جەنگی بەدر دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك لەم جەنگەدا سەرەڕای بوونی جیاوازییەکی زۆر لە ژمارەدا، موسڵمانەکان بەسەر کافرو موشریکەکاندا سەردەکەون، بەشێك لە هۆکاری ئەمەش پەیوەستە بە چۆنێتی دابەشکاری و تەکنیکی شەڕەکەوە، هەروەك پۆلی موسڵمانان بۆ سێ کۆمەڵ دابەشکرابوو، بە چەشنێك کۆمەڵێکیان دوای کافران و دوڕاوانی جەنگ کەوتن، کۆمەڵێکی تریان بۆ کۆکردنەوەی دەستکەوتەکانی جەنگ جیاکرانەوەو کۆتا کۆمەڵیش پارێزگارییان لە پێغەمبەر (د.خ) دەکرد.**

**پاش تەواوبوونی شەڕەکە هەرسێ گروپەکە یەکیانگرتەوە، ئەو کۆمەڵەی دەستکەوتەکانیان کۆدەکردەوە دەیانوت کۆی بەدەستهێنراوەکان بۆ ئێمە، ئەو کۆمەڵەی دوای کافرەکان کەوتبوون دەیانوت ئێمەش حەقی شەرعی خۆمانە لەو دەستکەوتانە بەشمان هەبێت، هەرچی کۆمەڵی سێیەمیشە دەیانوت پێویستە هەمان مافی دوو کۆمەڵەکەی ترمان هەبێت، بەهۆی ئەم ناکۆکیانەوە هێندەی نەمابوو شەڕ لەنێوان گروپەکاندا دروستبێت.[٢]**

پەروەردگاری مەزن بە مەبەستی چارەسەری کێشەو ناکۆکییەکە ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە، ( يَسْأَلُونَكَ عَنِ الأَنفَالِ قُلِ الأَنفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُواْ اللَّهَ وَأَصْلِحُواْ ذَاتَ بِيْنِكُمْ وَأَطِيعُواْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ) بورهان محمد ئەمین لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت: "کاتێك پرسیارت لێدەکەن دەربارەی ئەنفال بڵێ هی خواو پێغەمبەرە".[٣]

لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە ئەفەرموێت (وَاعْلَمُواْ أَنَّمَا غَنِمْتُم مِّن شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى وَالْمَسَاكِينِ وَابْنِ السَّبِيلِ إِن كُنتُمْ آمَنتُمْ بِاللَّهِ وَمَا أَنزَلْنَا عَلَى عَبْدِنَا يَوْمَ الْفُرْقَانِ يَوْمَ الْتَقَى الْجَمْعَانِ وَاللَّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ).

---

(١) کازیوە ساڵح، ١٩٩٦، جينوسايد الكورد باسم انفال الإسلام، وموقف اسلامی کوردستان، مجله انفال عدد ٤،ص ٤٩.

(٢) http://quran.ksu.edu.sa/tafseer/katheer/sura8-aya1.html تەفسیری ابن کثیر لە بەرواری ٢٠١٦/٧/٥.

(٣) بڕوانە بورهان محمد امین، تەفسیری ئاسان، چ ١، ٢٠٠٠.

واتە ئەوانەی لە جەنگ دەستدەکەون، یەك لە سەر پێنجی بۆ خواو پێغەمبەرەو چوار بەشەکەی تریشی هی جەنگاوەرانە، دواتر بەپێی ئەم ئایەتە پێغەمبەری خوا دەستکەوتەکانی دابەشکرد.[1] لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا مەرج و پێوەر هەیە بۆ بەبەردابڕینی چەمکی ئەنفال بەسەر شتێکدا، دیارە لەو روەشەوە بۆچوونی زانایان جیاوازن لەسەر ئەو چەمکە، بۆ نمونە لە کتێبی (صفوه البیان المعانی القران ) هاتووه: (أنفال هی الغنائم المأخوده من الکفار قهرا بالقتال)

واتە ئەنفال بریتییە لەو دەستکەوتانەی کە لە کافران وەردەگیرێن بە زەبری شەڕ. [2] هەر بۆیە لە زۆربەی تەفسیرو سەرچاوەکاندا ئەنفال لە کۆی نەفلەوە هاتوە، واتە دەستکەوت لە شەڕدا. [3]

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە مەرجی بەرجەستەکردنی ئەنفال بەسەر کەسێك یان شتێکدا، بەدەستهێنانی کۆی دەستکەوتەکانە بە زەبری شەڕ لەگەڵ دەستەو کۆمەڵێکی ستەمکارو کافردا، نەك لەگەڵ گەلێکی ستەملێکراوی موسڵماندا، بە پشتبەستن بە ئەو ئایەتو فەرمودانەدا، کە ئاماژەی پێکراوە دەردەکەوێت، هیچ مەرجێکی شەریعەتی ئسلام نییە بۆ پرۆسەی ئەنفال بەرامبەر بە گەلێك، کە خاوەنی زمانو نیشتیمانو خاكو ئاینی خۆیەتیو مەترسی بۆ سەر هیچ گەلو نەتەوەیەك نییەو تەنها خواستی ئازادبوونو بە ئازادی ژیانیان هەبوو لەناو خاکی خۆیاندا.

هەروەها ئەنفال لە رووی فەرهەنگییەوە، وشەیەکی عەرەبییەو لە کۆی نەفلەوە هاتووە [4]، بە مانای دەستکەوت یان واتای غەنیمە دێت[5]، غەنیمەش واتە کۆی شتی زیادەیە[6].

بەمپێیە توێژەر پێیوایە ئەنفال لە پرۆسەی ئەنفالکردنی کوردەکاندا، لە سادەترین پێناسەیدا، <u>بریتییە لە پرۆسەی بە کاڵاکردنی مرۆڤی کورد، بەو مانایەی ئەو خەڵکانە زیادەنو پێویستە لەناوبرێن.</u>

### ٢. کوردو پرۆسەی ئەنفال:

---

(١) محمد جمال الدين القاسمي تفسير القاسمي مجلد /٥،ط ١، (بيروت:دار الكتب العلمية،١٩٩٧) ص ٢٥٣

(٢ ) عبدولرەحمان سدیق، ئەنفال لە روانگەی ئاینی ئیسلامەوە، کۆڕ، هۆڵی میدیا، هەولێر ١٩٩٥/٤/١٨. لە سەر کاسێت تۆمارکراوە.

(٣) محمد احسان، كردستان و دوامة الحرب، (لندن: دار الحكمة،٢٠٠٠) ص٧٩.

(٤) الرازي: مختار الصحاح، دار الكتاب العربي، بيروت-لبنان، ٢٠٠٧، مادة (نفل)، ص٣٢٥

(٥) الفيروز آبادي: القاموس المحيط، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان، ط٣، ٢٠٠٩، مادة (نفل)، ص١٠٧٦.

(٦) ملا محمد امین چەمچەماڵی، ٢٠٠٠، ئەنفالی قورئانی پیرۆز، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە ٤، ل١٢٩.

گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو، لەسەر دەستی رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق توشی چەندین تراژیدیا بووە، بەڵام هیچیان ئەوەندەی کارەساتی ئەنفال کاریگەر نەبوو، کە بە بڕیارێکی پێشوەختی رژێمی بەعس بە ناوی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراق ژمارە ١٦٠ لە ٢٩ ئازاری ١٩٨٧[١]، زیاتر لە ١٨٢٠٠٠ مرۆڤی کورد لە ژن و منداڵ و پیرو پەکەوتە زیندەبەچاڵکران ، لە پاڵ وێرانکردنی ٤٥٠٠ گوندو شارو شارۆچکەی کوردستان. [٢]

ئەمەش وایکرد رێکخراوێکی بەناوبانگی وەك رێکخراوی مێو (MEW)، کە رێکخراوێکە کار لەسەر رەوشی مافی مرۆڤ دەکات، سەبارەت بە ئەنفال بڵێت: (ئەنفال ناوێکە بۆ زنجیرەیەك هێرش‌و پەلاماری چڕوپڕی سەربازی لە شەش ناوچەی جیاوازی کوردستاندا، کە بە هەشت قۆناغ جێبەجێکرا، فەرماندەی گشتی پرۆسەکە بە سەرپەرشتی عەلی حەسەن مەجید، لە دەستی نوسینگەی باکوری رێکخراوی حیزبی بەعسدا بوو ، [٣]، کە دواتر سەرپەرشتیکاری پرۆسەکە لەلایەن کەسوکاری ئەنفالکراوانەوە بە عەلی کیمیاوی ناوبانگی دەرکرد.

بەم پێیە ئەنفال پرۆسەیەکی پیلان-بۆکێشراوی لە پێشدا بڕیارلێدراوی رژێمێك بوو بۆ رەگوریشە هەڵکێشانی پرانسیپی کۆمەڵایەتی، رامیاری، کلتوری، ئابوری، چەکداری‌و هزری گەلێك، تا زۆرترین زیانی پێبگەیەنێت، لەمەشدا زیانەکانی پرۆسەی ئەنفال دەیان کارەساتی کۆمەڵایەتی و نەخۆشی سایکۆلۆژی و روخانی ژێرخانی ئابوری بە روخاندنی زیاتر لە چوار هەزار گوندو لە باربردنی دابونەریت و کەڵچەری کۆمەڵایەتی بە دوای خۆیدا هێنا.

دیارە ئەم تاوانە گەورەیە لە بێدەنگییەکی قوڵی نێودەوڵەتی‌و عەرەبیدا ئەنجامدرا، لە لایەك بەهۆی جەنگی عێراق‌و ئێران کە بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان‌و عەرەبی یارمەتی جۆراوجۆریان بە رژێمی بەعس دەدا، لەلایەکی تریشەوە بەهۆی بوونی بەرژەوەندی ئابوری‌و سەربازی نێودەوڵەتییەوە جۆرێك لە کەمتەرخەمی بێدەنگی پێوە دیار بوو، لەبەرئەوەی ئەگەر بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئەنفالکردنی ٨٠٠٠ بارزانیدا نەبوایە، ئەوا رژێمی بەعس نەیدەتوانی پرۆسەی ئەنفال ئەنجامبدات، لەکاتێکدا بەهۆی دەزگا هەواڵگرییەکانەوە بە تەواوی ئاگاداری تاوانی ئەنفال بون، بۆ نمونە لە بروسکەیەکی وەزارەتی بەرگری ئەمریکا

---

(١) زیاد عبدولرەحمان، هێرشەکانی ئەنفال لە بەڵگەنامەکانی رژێمدا، تەورێز، ١٩٩٥، ل ٤.

(٢) عارف قوربانی ، شایەتحاڵەکانی ئەنفال،چاپی دووەم،بەرگی یەکەم، سلێمانی،چاپخانەی شڤان، ٢٠١٤ل١٨.

تێبینی: سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بە بڕیاری ٢٦ لە بەرواری ٢٠٠٨/١٠/٩ پشت بەست بە بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تاوانی ئەنفالەکانی بە جینۆساید ناساندوە.

(٣) سیامەندی موفتی زادە ١٩٩٩، رێخۆشکردن بۆ ئەنفال،گۆڤاری هزرو وەرگێڕان،، میدل ئیست ووچ، ژمارە ٣، ل١٢.

(پنتاگۆن) لە ١٩٨٨/٤/١٩ هاتووە زیاتر لە ملیون‌و نیوێك لە کوردەکان لە کۆمەڵگەی زۆرەملێدا نیشتەجێکراون، ژمارەیەکی زۆری کورد گیراون‌و براون بۆ سنورەکانی ئوردن‌و سعودیە، ئەمە سەرەڕای روخانی زیاتر لە هەزار گوندی کوردنشین،[1] هەر لە راپۆرتەکەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە رژێمەکەی عێراق دیکتاتۆرەو بە شێوەیەکی ترسناك مافەکانی مرۆڤ پێشێلدەکات، بەڵام بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ناخوازێت خۆی لە کێشەی کورد هەڵقورتێنێت، کە ماوەی شەست ساڵە بەردەوامە، هەروەها ناشبێت روبەڕوی هەوڵە مەشروعەکانی عێراق ببینەوە، کە مەبەستیەتی یاخیبوونی کوردەکان دابمرکێنێتەوە.[2] .

**٣. قۆناغەکانی پرۆسەی ئەنفال:**

دیارە پرۆسەی ئەنفال لە یەك کات‌و شوێندا ئەنجامنەدرا، بەڵکو بە چەند قۆناغێك‌و لە چەند شوێنیکی کوردستان بەپێی پلانێکی سەربازی ئەنجامدرا، قۆناغەکانیش ئەمانەن:

**ئەنفالی یەك/ دۆڵی جافایەتی و مەرگە:**

ئەم قۆناغە لە شەوی ٢٣ شوباتی ١٩٨٨ دەستیپێکردو ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و هەریەکە لە قەزاو ناحیەکانی (دوکان-بنگرد-سورداش-قەڵاچولان-چوارتا)ی گرتەوە، بە سەرپەرشتی لیوا سوڵتان هاشم.

**ئەنفالی دوو/ قەرەداغ:**

لە قۆناغی دوەمی ئەنفالدا رژێمی بەعس بە سەرپەرشتی لیوا خەلیل زەکی هێرشی بردە سەر ناوچەکانی بازیان‌و تەیناڵ‌و دەربەندیخان و قەرەداغ.[3]

**ئەنفالی سێ/ سەراپای گەرمیان:**

ئەم قۆناغەی ئەنفال لە ٣/٣١ تاکو ١٩٨٨/٤/٨ ی خایاند، ئەم قۆناغەش بە سەرپەرشتی راستەوخۆی عەلی حەسەن مەجیدو بارق ئەنجامدرا، ئەنفالی سێ هەریەکە لە ناوچەکانی (چەمچەماڵ، سەنگاو، لەیلان، قادرکەرەم، نەوجول، خورماتوو، دەربەندیخان)ی بە چڕی گرتەوە، لەم شاڵاوەدا گەرمیان زۆرترین پشکی زیانی مادی‌و

---

(١) یوست هیلتەرمان، وەرگێڕانی کاوە ساڵح، ١٩٩٩، شاڵاوی ئەنفال بۆ سەر کورد، گۆڤاری رەهەند، ژمارە ٧، ل١٨.

(٢) ئەبوبکر علی، ئەنفال‌و پرۆسەی بە شتومەککردنی مرۆڤی کورد، کۆڕ، هۆڵی هونەرمەندان، کەلار، لەسەر کاسێت تۆمارکراوە. ١٩٩٩.

(٣) منظمة حقوق الانسان، ترجمة جمال میرزا، ٢٠٠٣، جریمة العراق في الابادة الجماعیة، حملة انفال ضد الکورد، شرق الأوسط، (برلین: مرکز هافیبون للدراسات والنشر الکردیة). ص١٤.

گیانی له پرۆسەی ئەنفالدا بەرکەوت، بە وێرانکردنی زیاتر له هەزار گوندو لەناوبردنی سامانی کشتوکاڵی و ئاژەڵی و لەناوبردنی خەڵکەکەی بە تەواوی.(١)

**ئەنفالی چوار/ سنوری عەسکەرو گۆپتەپە:**

ئەم قۆناغەی ئەنفال له ٤/٢٠/ تا ٥/٥/ ١٩٨٨ ی خایاند، ناوچەکانی (ئاغجەلەر، چەمی ڕێزان، دەشتی کۆیە، تەقتەق، قەرەهەنجیر، گۆپتەپەو عەسکەر) ی گرتەوە، لەژێر چاودێری ڕاستەوخۆی نزار خەزرەجیدا.(٢)

**ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت/ ناوچەکانی شەقڵاوە:**

ئەم قۆناغەی ئەنفال له ٢/٢٤ تاکو ١٩٨٨/٨/٣١ی خایاند، پاش شەڕێکی دەستەویەخە لە گەڵ پێشمەرگەدا هێزەکانی بەعس دەستیکرد بە ئەنفالکردنی ( هیزۆپ و هیران و دەروبەری شاخی سەفین، مێرگەسور، دەوروبەری شاخی ماکۆك و دۆڵە ڕەق و ناوچەی خەلیفان و هەریرو کەپکی حەمەد ئاغا ) کە بە چەندین کارەساتی مرۆی و مادی ئەم قۆناغەی ئەنفالیش کۆتایی هات.

**ئەنفالی هەشت/ بادینان:**

ئەم قۆناغەی ئەنفال له ٨/٢٥ تاکو ١٩٨٨/٩/٦ بەردەوام بوو، له دوا قۆناغی پرۆسەی ئەنفالدا پەلاماری بادینان درا، ئەم قۆناغە هەریەکە له ناوچەکانی ( ئامێدی، ئاکرێ و شێخان و زاخۆو دهۆك)ی گرتەوە، بەڵام ئەم قۆناغە دێهاتەکانی ئەو ناوچانەی بەزۆری گرتەوە نەك سەنتەری شارەکان.(٣)

**٥. ئامانجەکانی پشت پرۆسەی ئەنفال**

ئەنفال بۆ جینۆسایدکردنی گەلی کورد بەرپاکرا، هەندێك لە ئامانجە سیاسی و سەربازی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانی کە فاکتەری سەرەکی پشت پرۆسەی ئەنفال و ناوهێنانی بون بەو ناوەوە، بریتین لە:

١. ڕژێمی بەعس ویستی خۆی بە ئیسلام بناسێنێت و خۆی بە نوێنەری ڕاستەقینەی ئاینی ئیسلام پیشانبدات، لە بەرامبەریشدا کورد بەبێ ئاین و دور له ئیسلام بناسێنێت لای گەلانی موسڵمان.

٢. بە بەکارهێنانی چەمکی ئەنفال، ڕژێمی بەعس ویستی شەرعیەت بە تاوانەکەی بدات و بەرگی ئیسلام بە بەریدا بکات، چونکە هەروەك له خاڵی یەکدا ئاماژەی بۆکرا، ڕژێمی بەعس وای بە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی گەیاندبوو کە کورد گەلێکی بێبڕواو بە کرێگیراوو کافرن.(٤)

---

(١) هەمان سەرچاوە: ل ١٤

(١)منظمة حقوق الانسان سەرچاوەی پێشو: ل ١٥

(٢) یوسف دزەیی،ئەنفال :کارەسات ،ئەنجام و ڕەهەندەکانی،چ١، (هەولێر:دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی٢٠٠١) ل١٣٨.

(٣) هەمان سەرچاوە: ل٣٥.

٣. بۆ راکێشانی سۆزی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بوو، بۆ زیاتر کۆمەککردنی رژێم بەهۆی قەرزە کەڵەکەبووەکانی شەڕی هەشت ساڵەوە.[1]

٦. بۆ تالآنبردنی سامانی ژێر زەوی کوردستان بە تایبەتی کەرکوك و گەرمیان، کە زۆر دەوڵەمەندن بە سەرچاوە سروشتییەکان.

**٦. پرۆسەی ئەنفال و میدیا**

میدیا بە هەموو جۆرەکانیەوە نوسراو بیستراو بینراو سۆشیال میدیا، ئاوێتەی سەرجەم بوارەکانی ژیان بووە، تایبەتمەندییان لە خزمەتگوزاری جیاواز لە سیاسی، هونەری، وەرزشی، تەندروستی، خۆشکەیفی، تایبەت بە جەماوەر وەرگرتووە، بەمەش ململانێیەکی میدیایانە بۆ راکێشانی سەرنجی زۆرترین خەڵك بە لای خۆیاندا هەیە، ئامانجی ئەم ململانێیەش لای هەندێك بۆ بەرژەوەندی گشتی و لای هەندێکیش بۆ سودو قازانج و بازرگانییە.

دەزگاکانی راگەیاندن بەهۆی ئەو لێکەوتە خێراو بەرچاوانەی کە بە خۆوەی بینیوە، شەو رۆژ و بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر بە شێوەی راستەوخۆ بێپسانەوە لە کاردایەو بەردەوامە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەو ئاراستەیەی کە مەبەستیەتی بەدیبێت.

لێرەوە مرۆڤ وەکو کائینێکی کۆمەڵایەتی ئەگەر وشیارییەکی باش و بیرێکی ژیارانەی نەبێت بە کۆی روداوو بەسەرهاتەکانی جیهان و دەوروبەر، ئەوا ناتوانێت خۆی لە بەردەم شەپۆلی تێزڕەوەی میدیایدا بگرێت، بە شێوەیەك لە شێوەکان نەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، چونکە دەزگا میدیاییە سەربەخۆکان لە سەرانسەری جیهاندا وەك بەهێزترین دەسەڵاتی چوارەم، لە ململانێدا سەریانهەڵداوە، لە پێناوی گۆڕینی رژێمە چەوسێنەرەکان و گۆڕینی کۆمەڵگە بە کۆمەڵگەیەکی تەندروست،لەبەرئەوەی بڵاوکردنەوەی ئازادی و بە گژاچونەوەی گەندەڵی و گەشەی کۆمەڵایەتی و گەیاندنی دەنگی خەڵك بە دەسەڵات و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری راست و دروست لە سەر کۆی قەیران و روداوەکانی جیهان لە ئەرکە لە پێشینەکانی میدیا و میساقی شەرەفی میدیای جیهانییە. کەچی سەرەڕای ئەو هەموو ئەرك و رۆڵەی میدیا لە کاتی رودانی جینۆسایدی ئەنفال و ئێستاشی لە گەڵدا بێت میدیای جیهانی شتێکی ئەوتۆی لە بارەوە نەوت، ، لە کاتێکدا ئەنفال لە هۆلۆکۆستی جولەکان کەمتر نییە، کەچی هەزاران راپۆرت و سەدان فیلمی سینەمایی جیهانی لەلایەن میدیای جیهانییەوە لە سەر هۆلۆکۆست هەیە، وا ئەرمەنەکانیش کەوتونەتەخۆو وردە وردە لەژێر کاریگەری میدیای جیهانی و دیبلۆماسیەتی حکومەتی

(١)یوسف دزەیی ،سەرچاوەی پێشو : ل٣٦.

ئەرمەنیدا رایەکی جیهانی لەسەر جینۆسایدی ئەرمەنەکان دروستبووەو لەم نێوەندەدا چەندین وڵات بە جینۆسایدیان ناساندوە، کۆتا وڵاتیش سەرەڕای نیگەرانی تورکەکان ئەڵمانیا بوو کە بە جینۆسایدی ناساند، کەچی تا هەنوکە میدیای جیهانی و میدیای کوردی لە ئاستی جینۆسایدی ئەنفالدا کەمتەرخەمن، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە چی بکرێت بۆئەوەی ئەنفال لە نەتەوە یەکگرتوەکان بە جینۆساید بناسێنرێت؟ ، ئەمانە کۆی هەندێك لە پرسیارانەیە کە دەکرێت لە بەشی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیەدا وەڵامەکەیمان دەستبکەوێت.

میدیای کوردیش بە پشتبەستن بە یادکردنەوەی ڕووداوەکەو چۆنێتی باسکردنی پرۆسەکەو ڕۆماڵکردنی لە میدیاکانیانەوە بە جۆرێك لە کەمتەرخەمی دەبینرێت، دیارە ئەم کەمتەرخەمیانەش کۆمەڵێك فاکتەرو هۆکاری هەیە، کە وابەستەیە بە سیاسەتی خاوەندارێتی میدیای کوردیو ئاستی گلۆباڵیبوونیو ئاستی کاریگەرێتی لە ناوخۆو دەرەوەدا، ئەمە جگە لەو کاراکتەرانەی کە پرۆگرامو ئامانجەکانی ئەو دەزگا میدیایە ئاڕاستەدەکەن.

**٧. هەندێك لە فاکتەرەکانی کەمتەرخەمی میدیا لە ئاستی پرۆسەی ئەنفالدا:**

دیارە گەڕانەوە بۆ فاکتەرەکانی کەمتەرخەمی میدیا لە کاتی ڕودانی تاوانەکەو لە هەنوکەشدا لە لایەن دەزگاو دامەزراوە میدیایە جیهانییەکانەوە هەڵگری چەندین پرسیارو راڤەی جیاوازە، چونکە چەندێتی ڕۆچون بە نێو پرۆسەکەدا لە توێژینەوەکە دورمان دەخاتەوەو هاوکێشەکان ئاڵۆزتر دەکات، بەڵام ئەوەندە هەیە کەمتەرخەمیو بێدەنگی میدیای کوردی و جیهانی لەم سەردەمی جیهانگیرییەدا دەکرێت بۆ کۆمەڵێك فاکتەر بگەڕێنینەوەو لەم چەند خاڵەدا کورتیان بکەینەوە.

**یەکەم/ بارودۆخی سیاسیی کوردستان**

بارودۆخی سیاسیی کوردستان بە درێژایی مێژوو یەکێکە لە فاکتەرەکانی کەمتەرخەمی میدیای کوردیو جیهانیو عەرەبی لە ئاستی جینۆسایدی ئەنفالدا، لەبەرئەوەی بارودۆخی سیاسی یەکێکە لە کۆڵەکە گرنگەکانی کیانی سیاسی هەر گەلو وڵاتێك کە لە ئەرزی واقیعدا وجودی هەیە، نەبوونی کیانی سیاسی، فاکتەرە بۆئەوەی کەس نەتناسێت، کەس گوێت لێنەگرێت، یاخود نەگەیتە ناوەندە بڕیار بە دەستەکانی جیهان، هاوکات وڵاتە داگیرکارەکانی کوردستان هەمیشە خاوەنی پیلانو بەرنامەی خۆیان بوون بۆ لەناوبردنی کورد و شەرعیەتدان بە تاوانەکانیان، لە پاڵ بەلاڕێدابردنی میدیای جیهانی لە بەرامبەر تاوانەکانیانو دەستەمۆکردنی بەشێکیان بە ڕێگەی جیاواز جیاواز، هەرچی میدیای کوردیشە لەبەرئەوەی هەر گەلێك کیانێکی بەهێزی نێودەوڵەتیو ئابورییەکی بەهێزی نەبێت، بێگومان نابێت بە خاوەنی میدیایەکی بەهێزی کاریگەریی جیهانی، هەر بۆیە لاوازیو کەمی میدیای کوردی لە کاتی ئەنجامدانی پرۆسەکەدا یەکێکە لە فاکتەرە بەهێزەکان، کە لە نەبوونی

دەوڵەتی کوردییەوە سەرچاوەی گرتووە.

لە دوای شەڕی چاڵدێرانەوە لە نێوان عوسمانی و سەفەوییەکاندا، کورد لە هەوڵدا بووە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە، هەربۆیە دوای دابەشکردنی میراتی عوسمانی لە پەیمانی سیڤەردا بەڵێنی دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی درا ، بەڵام بەرژەوەندی زلهێزەکان رێگر بوو لە بەردەم ئەم مافە نەتەوەییە، بەتایبەتیش بەریتانیا کە بەرژەوەندیەکانی وای خواست ئەو خەونە لە بار ببات و باشوری کوردستانی لکاند بە حکومەتی ناوەندی عێراقەوە، ئەنجامەکەشی بەو هەموو کارەساتانە کۆتایی هات، کە ئەنفالکردنی ١٨٢٠٠٠ مرۆڤی کورد یەکێکە لە تاوانە بەرچاوەکانی،بەو مانایەی شاڵاوی ئەنفال بێ منەتی حکومەتی عێراقی پێوە دیار بوو بەرامبەر بە دەستورو یاسا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی،ئەوەش زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکان لە گەڵ عێراقدا بوو،بە تایبەتیش شەڕی ئێران و عێراق کە شەڕێکی وەکالەتی و پاڵپشتی رۆژئاوای لە گەڵ بوو. [١]

هەر بۆیە نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆ هۆکارێك بووە بۆ سەیرکردنی دۆزی کورد وەك کێشەیەکی ناوخۆی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی (عێراق، سوریا، تورکیاو ئێران)، نەك بە کێشەی میلەتێکی دابەشکراوی چل ملیونی لە پێناوی ماف و چارەنوسدا، لەم دیدەوە دەکرێت گریمانەی ئەوە بکەین میدیای جیهانیش بە هەمان شێوە مامەڵەیان لە گەڵ جینۆسایدی ئەنفالد کردبێت و بە کێشەیەکی ناوخۆی وڵاتەکانیان دانابێت.

### دووەم/ نەبوونی میدیایەکی بەهێزی کوردی

نەبوونی کەناڵێکی بەهێزی کوردی یەکێك بووە لە فاکتەر بەهێزەکانی پەردەپۆشکردنی، چونکە ئەگەر خاوەنی دەزگایەکی میدیای بەهێز نەبیت، ناتوانیت دەنگ رەنگ و ئامانجە نەتەوەییەکانت بە دنیای دەرەوە بگەیەنیت، ئەمەش بەشێکی وابەستەیە بە نەبوونی دەوڵەتی کوردی و بەشەکەی تریشی پەیوەندارە بە لایەنی رۆشنبیریی و کەمتوانایی و کەمی میدیاکاری کورد لەو کاتەدا، بەو مانایەی هەم توانای مرۆی میدیای کوردی لاواز بووە، هەم رژێمە داگیرکەرەکان رێگەیان بە دروستبوونی میدیاکاری کوردی سەرکەوتوو نەداوەو بە توندی دژی دامەزراندنی هەر دەزگایەکی رۆژنامەوانی بون، کە بە زمانی کوردی پەیامەکانی ئاراستەبکات، مەگەر ئەو

---

(١) عارف قوربانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

تێبینی: سەرۆکایەتی کۆماری عێراق بە بڕیاری ٢٦ لە بەرواری ٢٠٠٨/١٠/٩ پشت بەست بە بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تاوانی ئەنفالەکانی بە جینۆساید ناساندوە.

میدیایانە نەبێت، کە گوزارشتیان لە سیاسەتەکانی داگیرکار دەکردو هاندەری جینۆسایدی ئەنفالیش بوون[1]، هەر بۆیە میدیاکارانی کورد لە کاتی پرۆسەی ئەنفالدا لە پەنجەکانی دەست تێپەڕی نەدەکرد، ئەوەشی هەبوو یان لە شاخ، یاخود لە تاراوگە بووە، بە هەموو بارەکاندا، لە روی تەکنیك و مرۆییەوە کەم توانا بوون و تەنها بۆ وشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی و گەیاندنی هەندێك زانیاری دەربارەی سەرکەوتنەکانی شەڕ دەتوانرا سودی لێببینرێت.

بێگومان بوونی کەناڵێکی میدیای کوردی بەهێز، کە گوزارشت لە رای گشتی نەتەوەی کورد بکات، فاکتەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی بتوانێت ستەمەکانی گەلی کورد بە بە دنیا بگەیەنێت، هەر لەبەر ئەم گرنگیەی میدیایە کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و کۆتایهاتنی دەسلاتی بەعسییەکان لە عێراق، کورد بیری لە دامەزراندنی چەندین کەناڵی نوسراو بیستراو بینراو بە زمانی کوردی و زمانە بیانییەکانی تر کردەوە، بۆئەوەی بتوانێت لەو رێگەیەوە خزمەتی جۆرار و جۆر پێشکەش بە هاولاتی کوردستان بکات و بشتوانێت دەنگ و سەدای کورد بە دەرەوە بگەیەنێت، بەو پێودانگەی گەر هەنوکە باشوری کوردستان کارەساتێکی لێبقەومێ، ئەوا لە ماوەیەکی کەمدا سەدان راپۆرتی لەلایەن دەزگا میدیایە جیهانییەکانەوە لەسەر دەکرێت، دەشتوانێت لە رێگەی ئاژانسە نێودەوڵەتیەکانەوە رای گشتی جیهانی لەسەر دروست بکات، بۆیە لە رابردودا کورد خاوەنی ئەو دەزگا میدیا بەهێزە نەبووەو نەتوانراوە ئەنفال بە قەبارەی خۆی بناسرێت و جیهانی لێ ئاگاداربکرێتەوە، بۆ پاڵپشتی ئەم بۆچونەش جینۆسایدی ئێزیدیەکان و کۆمەڵکوژی خەڵکی کۆبانی لە رۆژئاوای کوردستان و داستانەکانی شەڕی دژی داعش ئەگەر کاریگەری میدیا نەبوایە هەرگیز ئەو دەنگدانەوە جیهانییەی نەدەبوو، رەنگە ئەوانیش وەکو کارەساتە نەتەوەییە مێژوییەکانی تر لە ناو روداوەکانی جیهاندا ونبوونایە، بەلام ئەوەی هەستی پێ دەکرێت، راستە جینۆسایدی ئەنفال چارەکە سەدەیەك پێشی ئێستا رویداوە، بەلام سەرەڕای ئەو سەدان دەزگا میدیایەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بە لۆکاڵی و جیهانیەوە کەچی نەتوانراوە وەکو پێویست تاوانی ئەنفال بە جیهان بناسێنێت و بە شێوەیەکی تەندورست رای گشتی جیهانی لێ ئاگادار بکرێتەوە، دیارە ئەمەش وابەستەیە بە کۆمەڵێك فاکتەرەوە کە چەندێتی و چۆنێتی ئەو میدیایانە ئاڕاستەدەکەن.

بۆیە هەر میلەتێك راگەیاندنی نەبوو، ئەوا ناتوانێت ئەوەی کە لە ژیانیدا رودەدات، بۆ دەوروبەرو جیهانی رومالبکات، بە تایبەتی بۆ ئەو گەل و میللەتانەی کە بە سەدان میل لێمانەوە دورن و زمانێکی هاوبەشیش لە

(١) عەدنان حسێن، کەمتەرخەمی راگەیاندن لە مامەڵەکردن لەگەڵ کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفالدا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل٤٨١.

نێوانمانــدا نییــە، هەرچــەندە کەناڵــە ئاسمانییــەکان و سۆشــیال میــدیا ئــەمڕۆ ســنورەکانی نەهێشــتووەو کارئاسانییەکی باشی بۆ نزیکبونەوەی کۆمەڵگاکان کردووە، هەر بۆیە کوردیش لە بەر هەستکردن بە گرنگی میدیا بە درێژایی مێژوو لە رێگەی پاشکۆی کوردستان بەو رۆژنامەو گۆڤارانەی دەری کردون هەوڵی سەلماندنی ناسنامەکەی داوە.).[1]

## سێیەم/ بەرژەوەندی سیاسیی نێودەوڵەتی

بەرژەوەنـدی زلهێزەکـانی جیهـانی، رۆڵێکـی ئەبسـتراکتی هـەبووە، لـە پەردەپۆشـکردنی پرۆسـەی ئـەنفال و کەمتەرخـەمبونی میدیایـدا، چـونکە لـە هەنوکەشـدا زلهێزەکـان بـە هـەمان نەفـەس و ئەجینـدای سیاسـەتی نێودەوڵەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ پێشهات و روداوەکاندا خۆیان رەنگرێژدەکەن.

بـە نمونـە ئـەمریکا کـە یەکێکـە لـەو وڵاتانـەی پلانـی سیاسـەتی نێودەوڵـەتی دادەڕێـژێت بـەهۆی بـوونی بەرژەوەندی لەگەڵ تورکیای هاوپەیمانی تا ئێستاش کوردەکانی باکور بە تیرۆرست ناوزەند دەکات، لە کاتێکدا بەهۆی یەکانگیری بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ کوردانی باشور پشتیوانییەکی بەهێزی کوتلەی کوردییە، هەر بۆیە بەرژەوەندی زلهێزەکان چی بخوازێت رەنگە دەزگا میدیایەکانیشیان هەمان سیاسەت و بەرژەوەندی ئاراستەیان بکـات، لەبەرئـەوەی تێـڕوانین و وێنـا وایـە بەشـێکی زۆری میـدیای جیهـانی هـەر نـاو و ناوبانگێکیـان هـەبێت گرێـدراوە بــە سیاســەتی دەوڵــەت و دەســەڵاتی سیاسـییەوە کـە حـوکمی وڵات دەکـەن، نـەک بێلایـەنی. هـەر لەبەرئەوەشە بەشێکی زۆری میدیای جیهانی یان بێدەنگیان هەڵبژاردوە یاخود کەمتەرخەمبوون.

چونکە دەیان بەڵگە هەیە لـەو کاتـەدا کۆمەڵگـەی نێودەوڵـەتی و جیهـان ئاگایـان لـە پرۆسـەی ئەنفال بووە، بۆ نمونـە ئەنجومـەنی ئـابوری و کۆمەڵایـەتی نەتـەوە یـەکگرتوەکان، لـە ١٩٩٢/٢/٨ بـە راپۆرتێك کـە ٩٦ لاپەڕەیـە، لەلایەن( دێرسۆیل)ەوە ئامادەکراوە، بـە دوورودرێـژی باسـی تاوانـەکانی ئـەنفال لـە ساڵی ١٩٨٨ دەکـات[2]، ئەمە جگەلە بوونی ٧٦ سیدی دیکۆمێنت لـە نەتـەوە یـەکگرتوەکان کە بە ئاشکرا باسـی تاوانـەکانی ئـەنفال دەکـات، هـەروەها لـە ساڵی ١٩٨٨ بیسـت و هەشـت ئەنـدامی کۆنگرێسـی ئـەمریکا نامەیـەکی تونـد لـە رێگـەی سـەفارەتی عێراقەوە لە واشنتن دەنێرن بۆ رژێمی بەعس و ئیدانەی ئەنفالکردنی کورد دەکەن[3]

---

(١) نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژوی رۆژنامەوانی کوردی، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،٢٠٠١، ل٢١.

(١) جريمة العراق في الابادة الجماعية، مرجع سابق، ص ٣٣١.

(٢) جريمة العراق في الابادة الجماعية، مرجع سابق، ص ٣٣١.

بۆیــە نــاتوانین بڵــێین جیهــان ئاگــای لــە ئــەنفال نــەبووە، بــەڵام ئــەتوانرێت بوترێــت میــدیای جیهــانی کەمتەرخەمبووە، هەرچەندە توێژینەوەیەکی ورد نییە تا بە هۆیەوە بزانرێت میدیای جیهانی چیکردوە لەسەر جینۆسایدی ئەنفال لە کاتی رودانی و دوای رودانیدا کردووە، بەڵام ئاماژەکان راستیەتتی ئەو کەمتەرخەمییانە دەسەلمێنن، بە بەڵگەی ئەوەی میدیای جیهانی زۆر جار وابەستەیە بە سیاسەتی دەرەکی وڵاتەکەی و بێلایەنی لەدەستدەدات.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەنفال تاوانێکە هەموو مرۆڤایەتی لە بەرامبەریدا بەرپرسیارە (سیاسەتمەدار-رۆشنبیر-میدیاکار-یاسا-ماڤی مرۆڤ-دەوڵەتمەدار-.......هتد) بۆئەوەی لە مێژودا دوبارە نەبێتەوە، چونکە ئەنفال یەکێکە لە جینۆسایدە مرۆڤایەتییەکان کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە بەرامبەریدا بێدەنگ بوو، کەمتەرخەمی میدیای جیهانیش ئەوەندەی تر بێدەنگی پرۆسەی ئەنفالی بێدەنگتر کرد، میدیای کوردیش بە بەشبەحاڵی خۆی کەمتەرخەم دەردەکەوێت، بە بەڵگەی ئەوەی ساڵانەو تەنها لە یادی تاوانەکەدا گرنگی پێدەدەن.

## بەشی سێیەم

## پرۆسەی ئەنفال و کەمتەرخەمی میدیا لە ناساندنیدا "ئەنجامی پراکتیکی توێژینەوەکە"

### سەرەتایەك:

هەروەك لە سەرەتادا ئاماژەمان بۆ کردووە،هەوڵمانداوە بە شێوەیەکی ورد کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەڵبژێرین بۆئەوەی بە باشترین شێوە رەنگدانەوەی کۆمەڵگەی کوردی بێت، هەر بۆیە لەم بەشەی توێژینەوەکەدا، بۆچوونی ئەو کەسانە بەرجەستەکراوە کە بەشداری توێژینەوەکەیان کردووە، لە هەر کوێیەکیش پێویستی کردبێت توێژەر بۆ لێکدانەوەی وەڵامەکان بەپێی ئەنجامە بەدەستهاتووەکانی خشتەکان، شیکاری خۆی خستووەتەڕوو، بۆئەوەی لەگەڵ پرسیاری توێژینەوەکەدا بەراوردییان بکات.

**خشتەی ژمارە (١)**

**تەمەنی بەشداربووانی توێژینەوەکە**

| ژ | تەمەن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| 1 | لە ١٨ بۆ ٢٥ ساڵ | 17 | 18.27 |
| 2 | لە ٢٥ ساڵ ٣٥ ساڵ | 13 | 13.97 |
| 3 | لە ٣٥ ساڵ بۆ ٤٥ | 40 | 43.01 |
| 4 | سەروتر | 23 | 24.71 |
| کۆی گشتی | | 93 | 100 |

خشتەی ژمارە (١) تایبەتە بە دیاریکردنی تەمەن، لە کۆی ١٠٠ کەس لە بەشداربوان کە فۆرمەکەیان بە سەردا دابەشکراوە، ٩٣ فۆرم بۆ توێژەر گەڕاوەتەوە، زۆرترین ڕێژەی بەشداربووان تەمەنیان لەنێوان ٣٥-٤٥ ساڵدایە، کە بەڕێژەی لە ٪٤٣.٠١. دیاریکراوە، ئەوانەشی تەمەنیان لە سەروی ٤٥ ساڵەوەیە پلەی دووەمی گرتووە، کە ڕێژەی ٢٤.٧١ ٪، ئەمەش بە هاوتاکردنی بە کاتی ڕوودانی پرۆسەی ئەنفال، تەمەنێکی گونجاوە بۆ خزمەتکردنی توێژینەوەکەو ئەنجامەکانی، چونکە ئەوانەی کە تەمەنیان لە خوار ٢٥ ساڵییەوەیە، ئەوا ڕەنگە خۆشیان زۆر ئاگاداری پرۆسەی ئەنفال نەبن، لەبەرئەوەی پرۆسەکە لە دوای ئەو تەمەنەوە ئەنجامدراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشدارپێکردنی هەموو ئاستەکانی تەمەن پێویستییەکی گرنگە بۆ بەدەسهێنانی ئەنجامی وردو باوەڕپێکراو.

**خشتەی ژمارە (٢)**

**ڕەگەزی بەشداربووانی توێژینەوەکە**

| ژ | ڕەگەز | ژمارە | ڕێژە% |
|---|---|---|---|
| 1 | نێر | 52 | 55.91 |
| 2 | مێ | 41 | 44.0٩ |
| کۆی گشتی | | 93 | 100% |

بەپێی خشتەی (٢) ڕێژەی بەشداربووانی نێر ٥٥.٩١ ٪ و ڕێژەی بەشداربووانی مێ ٪٤٤.٨، دیارە ئەم ڕێژەیە لە دوو ڕووەوە تەواو گونجاوە بۆ بەشداریکردنی هەردوو ڕەگەز لە توێژینەوەکەدا، لە لایەك لەو ڕووەی کە هەردوو ڕەگەز پێکەوە بەشێکی گرنگی کۆمەڵگان، لە لایەکی تریشەوە قوربانیانی جینۆسایدی ئەنفال لە هەردوو ڕەگەز بوون، بۆیە نزیکی ڕێژەکان لە هەردوو ڕەگەزەکەو ڕای هەردولا لەسەر کەمتەرخەمییەکانی میدیا لە ڕوماڵکردنی تاوانی ئەنفالدا، دەبێتە خاڵێکی بەهێزی توێژینەوەکە.

**خشتەی ژمارە (٣)**

**ئاستی خوێندەواریی بەشداربووانی توێژینەوەکە**

| ژ | ئاستی خوێندەواری | ژمارە | ڕێژە% |
|---|---|---|---|
| 1 | سەرەتای | 4 | 4.301 |
| 2 | ئامادەیی | 11 | 11.82 |
| 3 | پەیمانگا | 23 | 24.73 |
| 4 | بکالۆریوس | 44 | 47.01 |
| 5 | خوێندنی باڵا | 11 | 11.82 |
| | گشتی | 93 | 100 |

لە خشتەی ژمارە (٣)دا ڕێـژەی بەشـداربووانی توێژینەوەکـە، بـەپێی بڕوانامـەیان خراوەتـەڕوو، بـە جۆرێـك دەرچوانی بەکالۆریوس زۆرترین بەشداری هەیە بە ڕێژەی ٤٧.١٪، دواتریش ڕێژەی پەیمانگا بە ڕێـژەی ٢٤.٧٣ ٪ هـاتووە، ئەمـەش فاکتـەرێکی باشـە، تـا درك بـە ڕای ئـەکادیمیان سـەبارەت بـە کێشـە نەتەوەییـەکان بکرێـتو بۆچونیان لەبارەوە بە هەند وەربگیرێت.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**ڕای بەشداربووانی توێژینەوەکە لەسەر کەمتەرخەمی میدیای کوردی**

| پێتوایە میدیای کوردی کەمتەرخەم بوە | وەڵامەکان | | چەندبارە | | ڕێژەی سەدی ٪ | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەند باره | ڕێژەی سەدی | نێر | مێ | نێر | مێ | | |
| بەڵێ | 34 | 36.55% | 23 | 11 | 44.23 | 26.82 | 0.7 | 0.9 |
| تا ڕادەیەك | 45 | 48.38% | 18 | 27 | 34.61 | 65.85 | | |
| نەخێر | 14 | 15.05% | 11 | 3 | 21.15 | 7.31 | | |
| کۆی گشتی | 93 | 100% | 52 | 41 | 100% | 100% | | |

بە لەبەرچاوگرتنی داتاکانی خشتەی ژمارە (٤) دەردەکەوێت، کە ڕێـژەی لە بەشـداربووان لە هـەردوو ڕەگـەز ٤٤.٢٣٪ نێرینەو لە ٢٦.٨٢٪ مێینە، پێیانوایە میدیای کوردی لە ناساندنی جینۆسایدی ئەنفالدا کەمتەرخەم بووە، لە کاتیکدا وەڵامی بەشداربووان بە تـا ڕادەیـەك بۆ مێینـە لـە ٦٥.٨٥٪ و ڕێـژەی نێرینـە ٣٤.٦١ ٪ بووە،

کەواتە گەر ئەنجامەکانی نێرینە بۆ بژاردەی بەڵێ‌و تا رادەیەك کۆبکەینەوە ئەوا رێژەی لە ٧٨.٨٪ بەشداربووانی نێرینەو لە ٩٢.٦٪ مێینە پێیانوایە میدیای کوردی کەمتەرخەم بووە، تەنها رێژەی ٢١.١٪ نێرینەو رێژەی لە ٧.٣١٪ مێینە پێیانوایە میدیای کوردی لە ناساندنی ئەنفالدا کەمتەرخەم نەبووە، ئەمەش بە بەراوردی ئەوانەی، پێیانوایە میدیای کوردی کەمتەرخەم بووە رێژەیەکی زۆر کەمەو ناکرێتە سەنگی مەحەك، هاوکات داتاکانی ئەم خشتەیە دەبێتە بەڵگەو تەواوکەری کێشەی توێژینەوەکە، بەوەی میدیای کوردی کەمتەرخەمبووە لە ناساندنی تاوانی ئەنفالدا.

**خشتەی ژمارە (٥)**

**رای بەشداربووانی توێژینەوەکە لەسەر فاکتەری کەمتەرخەمییەکانی میدیای کوردی**

| گەر وەڵامەکەت بە بەڵێ یان تا رادەیەکە هۆکارەکەی چییە؟ | وەڵامەکان | | چەندبارە | | رێژەی سەدی ٪ | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | رێژە | نێر | مێ | نێر | مێ | | |
| **بە ئەرکی پیشەی خۆیانی نازانن** | 12 | 15.18% | 9 | 3 | 21.95 | 7.89 | 0.6 | 1.1 |
| **تەنها لە یادەکاندا باسی ئەنفال دەکەن** | 21 | 26.58% | 10 | 11 | 24.39 | 28.94 | | |
| **خەریکی حیزبایەتین پرسە نەتوەییەکانیان بە لاوە گرنگ نیە** | 14 | 17.72% | 6 | 8 | 14.63 | 21.05 | | |
| **بێ ئەزمونی میدیای کوردی** | 16 | 20.25% | 7 | 9 | 17.07 | 23.68 | | |
| **بابەتە تەرفیهیەکانیان بەلاوە گرنگترە لە بابەتە تراژیدیەکان** | 9 | 11.39% | 5 | 4 | 12.19 | 10.52 | | |
| **میدیای بازرگانین و ئامانجیان قازانج کردنە** | 7 | 8.860% | 4 | 3 | 9.75 | 7.89 | | |
| **گشتی** | 79 | 100% | 41 | 38 | 100% | 100% | | |

بە خوێندنەوەی داتاکانی خشتەی ژمارە (٥) دەردەکەوێت، کە بەشداربووان بە رێژەی (٢٤.٣٩٪ ) لای نێرینەو رێژەی ٢٨.٩٤٪ لای مێینە ، کەمتەرخەمی لە ناساندنی ئەنفالدا لەلایەن میدیای کوردییەوە بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە، کە تەنها لە کاتی یادکردنەوەی ئەنفالدا باسی تاوانی ئەنفال دەکات، ئەمەش پلەی یەکەمی ریزبەندی هۆکارەکانی کەمتەرخەمی وەرگرتوە، هەرچی پلەی دووەمە ئەوا بێئەزمونی میدیا کوردییەکان لەسەر ناساندن‌و کاریگەرییان لەسەر روداوەکان بە رێژەی ٢٠.٢٥ ٪ لای هەردوو رەگەز ١٧.٧٪ نێرینەو لە ٢٣.٦٨٪ مێینە دیاریکراوە. هەرچی پلەی سێیەمە لە رێژەی بەشداربووان پێیانوایە میدیای کوردی خەریکی حزبایەتین‌و

پرسە نەتەوەیەکانیان بە لاوە زۆر گرنگ نییە، ئەمەش بە ڕێژەی ٣٦.٤٪ بۆ هەردوو ڕەگەزە، واتە ڕێژەی ٢١.٥٪ لای مێینەو ڕێژەی ١٤.٦٣٪ لای نێرینە. بە ڕێژەی لە ٩.٧٥ ٪ لای نێرینەو ڕێژەی ٧.٨٩٪ لای مێینە، بژاردەی میدیای بازرگانیی و ئامانجیان قازانجە کەمترین رای لەسەر بووە، لەم ئەنجامانەوە دەگەینە ئەوەی کە میدیای کوردی ئەوەندەی مەسەلە حیزبییەکانی بەلاوە گرنگە مەسەلە نەتەوەییەکانی بەلاوە گرنگ نەبووەو پشتگوێی خستووە، ئەوەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ بێئەزمونی میدیای کوردی، کە تەنها لە کاتی یادکردنەوەی تاوانەکەدا باسی ئەنفال دەکەن، لە کاتێکدا پێویستە بەردەوام خەریکی کاری جۆراوجۆر بن لەسەر ئەم تاوانە بە ڕێگاو فۆرمی جیاواز جیاواز.

**خشتەی ژمارە (٦)**

**ڕای بەشداربووانی توێژینەوەکە لەسەر پێشنیازەکان بۆ میدیای کوردی**

| میدیای کوردی چی بکات بۆ ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال | وەڵامەکان | | چەندبارە | | ڕێژەی سەدی ٪ | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندجارە | ڕێژە | نێر | مێ | نێر | مێ | | |
| ئەنجامدانی فیلمی دیکۆمێنتاری و سپۆنسەریکردنی فیلمی سینەمای لە سەر ئەنفال | 33 | 35.48% | 17 | 16 | 32.69 | 39.02 | 0.4 | 1.0 |
| ڕێکخستنی میهرەجانی ساڵانە لە سەر ئەنفال | 12 | 12.90% | 6 | 6 | 11.53 | 14.63 | | |
| ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لە گەڵ ئەو کەس و ڕێکخراوانەی کار لە سەر کەیسی جینۆساید دەکەن | 45 | 48.38% | 27 | 18 | 51.92 | 43.90 | | |
| کار کردن لە سەر کەیسە سەمەرەکانی دوای ئەنفال | 3 | 3.225% | 2 | 1 | 3.846 | 2.43 | | |
| کۆی گشتی | 93 | 100% | 52 | 41 | 100% | 100% | | |

بەپێی خشتەی ژمارە(٦)، بەشداربووان بە پلەی یەکەمو بە ڕێژەی لە ٤٨.٣٨٪ پێیانوایە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لە گەڵ ئەو کەس و ڕێکخراوانەی، کار لەسەر کەیسی جینۆساید دەکەن، لە باشترین ئەو کارانەیە کە میدیای کوردی بۆ ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال دەتوانێت کاری لەسەر بکات، بەجۆرێك لە ٥١.٩٢ ٪ نێرینەو لە ٤٣.٩٠٪ مێینە پلەی یەکەمی بژاردەکانیان داوەتێ، هەروەها ئەنجامدانی بەرنامەی دیکۆمێنتاری لەسەر ئەنفال و سپۆنسەریکردنی فیلمی سینەمایی لەسەر ئەنفال بە ڕێژەی ٣٢.٦٩ ٪ لە نێرینەو لە ٣٩.٠٢٪ لە

مێینه پلەی دووەمی وەرگرتوە، بە پلەی سێیەمیش ڕێکخستنی میهرەجانی ساڵانەی تایبەت بە جینۆسایدی ئەنفال بە ڕێژەی ١١.٥٣٪ لە نێرینەو ڕێژەی لە ١٤.٦٣٪ لە مێینە هاتووە.

بە پێی ئەو خشتەیەو بە پشتبەستن بە رای بەشداربووانی توێژینەوەکە، ئەنجامدانی چاوپێکەتن بەشێوەی بەردەوام لەگەڵ خەڵکانی تایبەت بە جینۆساید و بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی تایبەت بە ئەنفال لە کارە لە پێشینەکانی میدیان بۆ ناساندنی ئەنفال، توێژەریش پێیوایە هەردوو کارەکە زۆر پێویستن چونکە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەسەر جینۆسایدی ئەنفال هۆکارێکی گرنگە بۆ ئاشناکردنی ئەو کەس و ڕێکخراوانەی کار لە سەر کەیسی جینۆسیاید دەکەن، بۆئەوەی ئەنفال بە جینۆساید بناسێنن و کار لەسەر ناساندنی وەکو جینۆساید بکەن.

**خشتەی ژمارە (٧)**

**رای بەشداربووانی توێژینەوە لەسەر ناساندنی ئەنفال بە جیهان**

| پێتوایە کورد لە ڕێگەی میدیاوە دەوانێت جینۆسایدی ئەنفال بە جیهان بناسێنێت | وەڵامەکان | | چەندبارە | | ڕێژەی سەدی ٪ | | ناوەندی ژمارەی | لادانی پێوانەی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ڕێژە | نێر | مێ | نێر | مێ | | |
| بەڵێ | 29 | 31.18% | 20 | 9 | 38.46 | 21.95 | 0.9 | 0.5 |
| تا رادەیەك | 55 | 59.13% | 27 | 28 | 51.92 | 68.29 | | |
| نەخێر | 9 | 9.677% | 5 | 4 | 9.61 | 9.75 | | |
| کۆی گشتی | 93 | 100% | 52 | 41 | 100% | 100% | | |

بە خوێندنەوەی داتاکانی خشتەی ژمارە (٧) دا دەردەکەوێت، کە بەشداربوان بە ڕێژەیەکی زۆر پێیانوایە میدیا دەتوانێت تاوانی ئەنفال بە جیهان بناسێنێت، هەروەك ئەوەی بەشداربووان بە ڕێژەی ٣٨.٤٦٪ نێرینەو لە ٢١.٩٥٪ مێینە بە (بەڵێ) وەڵامیانداوەتەوە، لە هەمان کاتدا ڕێژەی لە ٥١.٩٢٪ نێرینەو هەروەها ڕێژەی ٦٨.٢٩٪ مێینە بە ( تاڕادەیەك) وەڵامیان تۆمارکردووە، لە کۆی گشتی بەشداربووانی توێژینەوەکە تەنها ٩.٧٥ ٪ پێیانوایە میدیا ناتوانێت جینۆسایدی ئەنفال بە جیهان بناسێنێت، لەمەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە میدیا دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال و سەرجەم تاوانە مرۆڤایەتییەکانی کورد ببینێت، کە بەرامبەر کورد کراوە، لەبەرئەوە پێویستە میدیای کوردی بە شێوەیەکی شێلگیرانە کار لەسەر ئەو پرۆسەیە بکات، تا لەو ڕێگەیەوە خزمەت بە تراژیدیا نەتەوەییەکان بکات.

**خشتەی ژمارە (٨)**

**ڕای بەشداربووانی توێژینەوەکەو پێشنیازەکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ناساندنی ئەنفال بە جینۆساید**

| پێشنیارەکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال | وەڵامەکان | | چەندبارە | | ڕێژەی سەدی ٪ | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەند بارە | ڕێژە | نێر | مێ | نێر | مێ | | |
| بانگهێشتکردنی لایەنە پەیوەندیدارەکان و میدیاکاران بۆ کوردستان | 15 | 16.12% | 8 | 7 | 15.38 | 17.07 | 0.5 | 1.2 |
| هاندان و بەخشش بە هەندێك میدیاکاری جیهانی | 7 | 7.526% | 5 | 2 | 9.61 | 4.87 | | |
| کڕینی هەندێك لاپەڕەو بەشی سۆشیال میدیا بۆ باسکردنی ئەنفال | 15 | 16.12% | 8 | 7 | 15.38 | 17.07 | | |
| دروستکردنی تۆڕی پەیوەندی لە گەڵ میدیاکارانی جیهانی | 11 | 11.82% | 5 | 6 | 9.61 | 14.63 | | |
| ئەنجامدانی کۆنفراسی جیهانی لە سەر جینۆسایدی ئەنفال | 16 | 17.20% | 8 | 8 | 15.38 | 19.51 | | |
| بە دیکۆمینتکردنی کەیسی ئەنفال بە زمانە جیاجیاکانی جیهان و پێدانی بە میدیا بە بێ بەرامبەر | 15 | 16.12% | 9 | 6 | 17.30 | 14.63 | | |
| بەشداری میدیاکارو لابەنە پەوەندیدارەکان بۆ بەشداری کردن لە کۆنفراسی تایبەت بە جینۆساید | 14 | 15.05% | 9 | 5 | 17.30 | 12.19 | | |
| **گشتی** | 93 | 100% | 52 | 41 | 100% | 100% | | |

بەپێی خشتەی ژمارە (٨) بەشێکی زۆری بەشداربووان بە ڕێژەی ١٥.٣٨٪ لە نێرینە ڕێژەی لە ١٩.٥١٪ پێیانوایە کە ئەنجامدانی کۆنفراسی جیهانی لەسەر تاوانی ئەنفال باشترین بژاردەیە تا حکومەتی هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ناساندنی تاوانی ئەنفال بە جیهان بیگرنەبەر، بە پلەی دوەمیش هەردوو بژاردەی کڕینی هەندێك لاپەڕەی ڕۆژنامەو سۆشیال میدیا بۆ خستنەڕوی تاوانی ئەنفالو بانگهێشتکردنی ئەو ڕێکخراو و میدیاکارو کەسانەی لە کەیسی جینۆساید کار دەکەن لە جیهاندا بۆ کوردستان، بەشداربوان ڕێژەی لە ١٥.٣٨٪ لە نێرینەو ڕێژەی ١٧.٧٪ لە مێینە بە شێوەیەکی یەکسان ئەو دوو بژاردەیان هەڵبژاردووە، هەرچی پلەی

سێیەمە ئەوا بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتر لە پلەی دووەمو بە ڕێژەی ١٧.٣٠ ٪ لە نێرینەو لە ١٤.٦٣ ٪ لە مێینە پێیانوایە، کە بە دیکۆمێنتکردنی کەیسی ئەنفال بە زمانە جیاجیاکانو پێدانی بە دەزگا میدیایە جیهانییەکان بە بێبەرامبەر، یەکێکی ترە لە کارە گرنگەکان، کە پێویستە میدیاو لایەنە پەیوەندیدارە کوردییەکان بۆ کار کردن لە سەر ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال بیگرنەبەر، بژاردەی کڕینو پێدانی بەخشش بە هەندێك میدیاکاری جیهانی بۆ وروژاندنی تاوانی ئەنفال بە ڕێژەی ٧.٥٢٪ لە هەردوو ڕەگەز، نزمترین ئاستی تۆمار کردووە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە خەڵکی کوردستان هەموو جۆرە بەرتیل و بەخشینێکی دارای بۆ کڕینی ویژدانی مرۆڤ بە کارێکی گونجاو نازانن، لە کاتێکدا کۆمەڵێك بژاردەی گونجاوتر خراوەتە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکان، کە بژاردەی واقعیو سەردەمیو کاریگەرن، ئەمەش وابەستەیە بە ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەی کوردیو کلتوری، کە ڕێگەی نەگونجاو بۆ کاری گونجاو بە گونجاو نازانن.

**خشتەی ژمارە (٩)**

**ڕای بەشداربووانی توێژینەوەکە لەسەر کەمتەرخەمی میدیای کوردی بەپێی ئاستی تەمەنو بڕوانامە**

| پێتوایە میدیای کوردی لە ئاستی تاوانی ئەنفالدا کەمتەرخەمبووە؟ | بە پێی تەمەن | | | | بە پێی بڕوانامە | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 18–25 ساڵ | 25–35 ساڵ | 35–45 ساڵ | سەرووتر | سەرەتایی | ناوەندی | پەیمانگا | بکالۆریۆس | خوێندنی باڵا |
| بەڵێ | 9 | 6 | 11 | 8 | 1 | 3 | 10 | 17 | 3 |
| | 52.94% | 46.15% | 27.5% | 34.78% | 25% | 27.27% | 43.47 | 38.63% | 27.27% |
| تا ڕادەیەك | 6 | 6 | 20 | 13 | 3 | 5 | 10 | 22 | 5 |
| | 52.29% | 46.15% | 50% | 56.52% | 75% | 45.45% | 43.47% | 50% | 45.45% |
| نەخێر | 2 | 1 | 9 | 2 | 0 | 3 | 3 | 5 | 3 |
| | 11.76% | 7.692% | 22.5% | 8.695% | 0.00% | 27.27% | 13.04% | 11.36% | 27.27% |
| گشتی | 17 | 13 | 40 | 23 | 4 | 11 | 23 | 44 | 11 |
| | 100% | 100% | 100% | 100% | 100% | 100% | 100% | 100% | 100% |

بە خوێندنەوەی داتاکانی خشتەی ژمارە (٩) دەردەکەوێت، کە بەشداربووانی پەیمانگا وەك زۆرترین ڕێژە بە (بەڵێ) سەبارەت بە کەمتەرخەمی میدیای کوردی لە ناساندنی کەیسی ئەنفالدا وەڵامیانداوەتەوە، دواتریش ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بکالۆریوسن هەمان بۆچونیان هەیە بە ڕێژەی ٣٨.٦٥ ٪ ، لە پلەکانی تریشدا بڕوانامەکانی تر بە ڕێژەی جیاواز پێیانوایە میدیا کەمتەرخەم بووە، هەر بەپێی هەمان خشتە ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان ١٨–٢٥ ساڵیدایە وەك زۆرترین ڕێژە پێیانوایە میدیا لە ناساندنی ئەم کەیسەدا کەمتەرخەم بووە، دواتریش بە پلەی دووەم ئاستی تەمەنەکانی ٢٥–٣٥ ساڵ هاتووە.

**خشتەی ژمارە (١٠)**

**هەڵسەنگاندنی رۆڵی لایەنە پەیوەندیدارەکانی میدیا  بۆ ناساندنی جینۆسایدی ئەنفال**

| ژ | رۆڵی لایەنە پەیوەندیدارەکانی میدیا | باش | زۆر باش | لاواز | زۆر لاواز |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دەوری مامۆستایانی ئەکادیمی بواری میدیا لە کۆنفراسە زانستی ونێودەوڵەتیەکاندا | 14 | 11 | 24 | 44 |
| | | 15.05% | 11.82% | 25.80% | 47.31% |
| ٢ | مەکتەبی راگەیاندنی حیزبە سیاسیەکان لە هاندانی دەزگاکانی راگەیاندنی حیزبەکانیان | 2 | 8 | 45 | 38 |
| | | 2.150% | 8.602 | 48.38 | 40.86 |
| ٣ | میدیا سەربەخۆکان وەکو  هەست کردن ئەرکێکی نیشتیمانی و بایەخدانی زیاتر بەو تاوانە | 17 | 13 | 42 | 21 |
| | | 18.27 | 13.97 | 45.16 | 22.58 |
| ٤ | سەندیکاو رێکخراوەکانی تایبەت بە میدیا | 0 | 7 | 32 | 54 |
| | | 0.00% | 7.526% | 34.40% | 58.06% |
| ٥ | رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دروستکردنی فشارو وشیارکردنەوەی میدیاکاران بۆ گرنگیدانی زیاتر بە ئەنفال | 1 | 11 | 30 | 51 |
| | | 1.075% | 11.82% | 32.25% | 54.83% |
| ٦ | رۆڵی بەشەکانی میدیا لە زانکۆو پەیمانگاکان بۆ گرنگی دانی زیاتر بەو کەیسە | 9 | 21 | 22 | 41 |
| | | 9.677% | 22.58% | 23.65% | 44.08% |
| ٧ | تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان  کە لە لایەن میدیاکارانی نیشتیمان پەروەرەوە بەرێوە دەبرێن بۆ وروژاندنی ئەو کەیسە | 28 | 21 | 21 | 23 |
| | | 30.10% | 22.58% | 22.58% | 24.73% |
| ٨ | توێژەرانی بواری میدیا و زانستە کۆمەڵایەتیەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لە سەر جینۆسایدی ئەنفال | 4 | 5 | 41 | 43 |
| | | 4.301% | 5.376% | 44.08% | 46.23% |
| ١١ | کارکردنی ئەو میدیاکارە کوردانەی کە لە کەناڵە بیانیەکان کار دەکەن بۆ ناساندنی ئەنفال | 2 | 2 | 37 | 52 |
| | | 2.150% | 2.150% | 39.78% | 55.91% |

**بەپێی خشتەی ژمارە (١٠)، بەشێکی زۆری بەشداربوان بە رێژەی ٥٨.٠٦ ٪ ئەدای سەندیکاو رێکخراوەکانی تایبەت بە میدیا بە زۆر لاواز دەزانن، هەروەها بەشداربووانی توێژینەوەکە بە رێژەی ٥٥.٩١٪ کارکردنی ئەو میدیاکارە کوردانەی، لە کەناڵە بیانیەکان کار بۆ ناساندنی ئەنفال دەکەن، بە زۆر لاواز دەزانن، بە هەمان شێوەو بە پلەی دووەم  رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو دروستکردنی فشارو وشیارکردنەوەی میدیاکاران بۆ گرنگیدانی زیاتر بە ئەنفال بە زۆر لاواز وێنا کراوە بە رێژەی ٥٤.٨٣ ٪، هەروەها بەشداربوانی توێژینەوەکە بە**

ڕێژەی ٤٧.٣١ ٪ ڕۆڵی مامۆستایانی ئەکادیمی بواری میدیا لە کۆنفراسە زانستی و نێودەوڵەتییەکاندا ڕازی نین و پێیانوایە ڕۆڵیان زۆر لاواز بووە، لە کاتێکدا ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، بەشداربووان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، کە لەلایەن میدیاکارانی نیشتیمانپەروەری کوردەوە بەڕێوەدەبرێن بۆ وروژاندنی ئەو کەیسە بە زۆر باش دەزانن و لێی ڕازین بە ڕێژەی ٥٢.٦٨ ٪.

**ئەنجامەکان:**

١. بەپێی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ڕێژەی ٨٢.٧٩٪ی بەشداربووان پێیانوایە، کە میدیای جیهانی بەرامبەر جینۆسایدی ئەنفال کەمتەرخەمبووە. فاکتەری کەمتەرخەمییەکانیش بە پلەی یەکەم دەگەڕێننەوە بۆ کەمترین ڕاپۆرتیان لەسەر جینۆسایدی ئەنفال و نەبوونی بێلایەنی میدیاو وابەستەبوونیان بە سیاسەتی وڵاتەکانیان.

٢. لەم توێژینەوەیەدا، بەشداربووان بە ڕێژەی جیاواز ئەدای لایەنە پەیوەندیدارەکانی میدیا لە ئاستی ناساندنی ئەنفالدا بە زۆر لاواز دەزانن، هەروەها ڕێژەی لە ٧٩٪ی بەشداربووان لە هەردوو ڕەگەز پێیانوایە میدیای کوردی لە ناساندنی جینۆسایدی ئەنفالدا کەمتەرخەم بووە، هۆکاری ئەم کەمتەرخەمییەش پەیوەستەبە:

أ. بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی ٢٦.٥٨٪ دەگەڕێننەوە بۆئەوەی، کە میدیا کوردی تەنها لە کاتی ئەنفالدا باسی تاوانی ئەنفال دەکات، ب. هەرچی فاکتەری دووەمە بێئەزمونی میدیا کوردییەکانە لەسەر ناساندن و کاریگەرییان لەسەر ڕوداوەکان لای بەشداربووان. پ. هەرچی هۆکاری سێیەمە بە ڕێژەی ١٧.٧٢٪ پێیانوایە میدیای کوردی خەریکی حیزبایەتین و پرسە نەتەوەیەکانیان بە لاوە زۆر گرنگ نییە، بژاردەی میدیای بازرگانین و ئامانجیان قازانجە کەمترین ڕای بەشدار بوانی لە سەر بوە.

٣. بەپێی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بەشداربووان بە ڕێژەی لە ٩٠.٣١٪ پێیانوایە میدیا دەتوانێت تاوانی ئەنفال بە جیهان بناسێنێت، لەم ڕوانگەیەوە بەشداربووان بۆ میدیای کوردی بەم بۆچوونە جیاوازانە پێشنیازدەکەن بە:

أ. ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەس و ڕێکخراوانەی کە کار لەسەر کەیسی جینۆساید دەکەن، کە ئەمەش ڕای زۆرترین ڕێژەی بەشداربووان بوو.ب. ئەنجامدانی بەرنامەی دیکۆمێنتاری لەسەر ئەنفال و سپۆنسەریکردنی فیلمی سینەمایی لەسەر ئەنفال بە ڕێژەی ٣٢.٦٩ ٪ لە نێرینەو لە ٣٩.٠٢٪ لە مێینە.پ. بە

پلەی سێیەمیش بە ڕێژەی ١١.٥٣٪ لە نێرینەو ڕێژەی لە ١٤.٦٣٪ لە مێینە ڕێکخستنی میهرەجانی ساڵانەی تایبەت بە جینۆسایدی ئەنفال بە گونجاو دەزانن.

تایبەت بە لایەنە پەیوەندیدارەکانیش:بەشداربووانی توێژینەوە پێیانوایە ئەنجامدانی کۆنفراسی جیهانی لەسەر تاوانی ئەنفال باشترین بژاردەیە بۆئەوەی حکومەتی هەرێمو لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ ناساندنی تاوانی ئەنفال بە جیهان بیگرنەبەر، هەروەها کڕینی هەندێك لاپەڕەی ڕۆژنامەو سۆشیال میدیا بۆ خستنەڕوی تاوانی ئەنفالو بانگهێشتکردنی ئەو ڕێکخراوو میدیاکارو کەسانەی لە کەیسی جینۆساید لە جیهاندا بۆ کوردستان کاردەکەن.

٤. بەپێی ئەنجامەکان بەشداربووان بە ڕێژەی ٥٢.٦٨ ٪، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە لەلایەن میدیاکارانی نیشتیمانپەروەری کوردەوە بەڕێوەدەبرێن بۆ وروژاندنی ئەو کەیسە بە زۆر باش دەزانن و لێیرازین.

**پێشنیارەکان:**

١. پێشنیار دەکەین بۆ دەزگا میدیاییەکانی کوردستان زیاتر گرنگی بە دۆسیەی ئەنفال بدەن و تەنها لە یادەکاندا باسی ئەنفال نەکەن.

٢. پێشنیار دەکەین کەناڵە جیا جیاکانی میدیا چەندین بەرنامەو ڕاپۆرت لە سەر ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەنفال بکەن، بۆئەوەی زیاتر ئەنفال بە جیهان بناسێنن.

٣. پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکانی میدیا سەندیکاو ڕێکخراوەکان و مەکتەبی ڕاگەیاندنی حیزبە سیاسییەکان و بەشەکانی میدیا لە زانکۆو پەیمانگاکان و میدیاکارانی کورد لە هەر شوێنێك کاردەکەن بە شێوەیەکی بەپرسیارانەتر کار لەسەر ناساندنی ئەنفال بکەن.

٤. پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان و حکومەت چەندین کۆنفراسی ساڵانەو بە میوانداری ئەو کەس و ڕێکخراوانەی کار لەسەر کەیسەکانی جینۆساید دەکەن، بکەن و خۆشیان بەشداری هەمان ئەو کۆنفراسانە لە دەرەوەی وڵات بکەن و دیکۆمێنتی تێروتەسەلیان لەسەر تاوانەکە بخەنەڕوو.

**سەرچاوەکان:**

**کوردی:**


١- بورهان محمد امین، تەفسیری ئاسان ،چ ١، ٢٠٠٠.

٢- زیاد عەبدولرەحمان، هێرشەکانی ئەنفال لە بەڵگەنامەکانی ڕژێمدا، تەورێز،١٩٩٥.

٣- عارف قوربانی، شایەتحاڵەکانی ئەنفال،چاپی دووەم،بەرگی یەکەم، سلێمانی،چاپخانەی شڤان ،٢٠١٤.

٤- عەدنان حسێن، کەمتەرخەمی راگەیاندن لە مامەڵکردن لەگەڵ کارەساتی هەڵەبجەو ئەنفالدا, هەولێر:چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠١.

٥- نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند لاپەڕەیەك لە مێژوی رۆژنامەوانی کوردی، سلێمانی:دەزگای چاپو پەخشی سەردەم،٢٠٠١.

٦- یوسف دزەیی، ئەنفال: کارەسات، ئەنجامو رەهەندەکانی، چ١، (هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی ٢٠٠١.

**گۆڤار:**

١. سیامەندی موفتی زادە، ١٩٩٩، رێخۆشکردن بۆ ئەنفال، گۆڤاری هزرو وەرگێڕان، میدل ئیست ووچ، ژمارە٣

٢. ملا محمد امین چەمچەماڵی، ٢٠٠٠، ئەنفالی قورئانی پیرۆز، گۆڤاری کەرکوك، ژمارە ٤.

٣. یوست هیلتەرمان، و: کاوە ساڵح ، ١٩٩٩، شالاوی ئەنفال بۆ سەر کورد، گۆڤاری رەهەند، ژمارە ٧.

**الكتب:**

١- جريمة العراق في الابادة الجماعية، حملة انفال ضد الكورد، منظمة حقوق الانسان، شرق الأوسط، ترجمة جمال ميرزا، برلين: مركز هافيبون للدراسات والنشر الكردية ٢٠٠٣.

٢- الفيروز آبادي: القاموس المحيط، دار الكتب العلمية، بيروت- لبنان، ط٣، ٢٠٠٩.

٣- محمد احسان، كردستان ودوامة الحرب، لندن: دار الحكمة، ٢٠٠٠.

٤- محمد بن أبي بكر بن عبد القادر الرازي، مختار الصحاح، دار الكتاب العربي، بيروت-لبنان، ٢٠٠٧، مادة (نفل)، ص٣٢٥

٥- محمد جمال الدين القاسمي تفسير القاسمي مجلد /٥،ط ١، بيروت: دار الكتب العلمية،١٩٩٧.

**المجلة:**

١. كازيوه سالح، ١٩٩٦، جينوسايد الكورد باسم انفال الإسلام، وموقف اسلاميي كوردستان، مجلة انفال عدد٤.

**سەرچاوە تۆمارکراوەکان:**

١. ئەبوبکر علی، ئەنفالو پرۆسەی بە شتومەککردنی مرۆڤی کورد، کۆڕ، هۆڵی هونەرمەندان، کەلار، لەسەر کاسێت تۆمارکراوە. ١٩٩٩.

٢. عەبدولرەحمان صدیق، ئەنفال لە روانگەی ئاینی ئیسلامەوە، کۆڕ، هۆڵی میدیا، هەولێر ١٩٩٥/٤/١٨. لەسەر کاسێت تۆمارکراوە.

**پێگەی ئینتەرنێت:**

١. لە بەرواری ٢٠١٦/٧/٧http://quran.ksu.edu.sa/tafseer/katheer/sura8-aya1.html تەفسیری ابن كثير.

## Abstract.

This study which carries the title (The Anfal Processes and the negligent of Media in Recognizing It) is a detailed analysis of the negligent of the International Community, local and international media regarding the Anfal process. This study is also an attempt to highlight the factors behind the negligent of the international media in recognizing the Anfal genocide, with taking into consideration the weak and ill-programmed local Kurdish media in publicizing and universalizing such issue.

This study consists of three main parts. Each part consists of a number of section. The first part is a theoretical framework of the research. The second part discusses the meaning of the word "Anfal", its stages, the setting through the Anfal processes were conducted, in addition to international interests and their negligence in regards of serious crimes against humanity.

The third part is an inclusive analysis of the factors behind which the international media has turned a blind eye on the Anfal genocide. This is in addition to the fact that the Anfal has not yet been recognized as an internationalized crime, as The Holocaust. To confirm this issue, the researcher has depended on analyzing data collected through a survey related to the problem of the research. For this purpose, this part has been divided into two sections. The first section is dedicated to study the Anfal processes and the role of media in this concern. That is, it includes a discussion of extents to which Anfal has reflexed the media. As for the second section, the researcher attempts to highlight the factors behind the negligence of the Arabic and international media in regards of the Anfal processes. That is to say, it will include the reasons behind which media has been incapable of practicing its ethical role concerning the inhumane genocide of the Kurds during the Anfal processes.

In this research, practical methods are applied. The results of this study are analyzed based on the results of a survey regarding the problem of the current study. Fifty survey forms were distributed on fifty participants of different age groups, and diverse professional and political backgrounds within the city of Silemani. Notes, opinions, and analyses of the researcher will be offered anytime needed.